www.kurdistannet.org
05/01/2002 23:40

# ئەو سال سالرۆژی ١٠٠ی شاعیری کومونیست

حەمید کەشکۆلی

تورکیە دەبی لە نازم حیکمەت ببوریت

نازم حیکمەت گوتی تورکیەی خوش دەوی ، کەچی پاش بەسەربردنی چەندین سال لە زیندانەکانی تورکیە ، لە هاولاتییەتی بیبەری کراو و بە خاین لەقەلەم دراو، لە تاراوگەدا فەوتی کرد .

پاش سی سال ، ناودارترین شاعیری تورکیە ، کە شیعرەکانی بۆ پتر لە ٥٠ زمان وەگیردراوە ، لەو سالانەی دواییدا ، وەك کەسیکی کلیلی کولتوری تورك ، لەلایەن دەولەتەوە ریزی لی دەگیری.

پیش نیزیکەی دوو سال – لە میدیاکاندا خویندمەوە– ، لە کونفرانسیکی نیودەولەتیدا ، سەرۆك دەمیرەل لە شیعرەکانی شاعیری کومونیست خویندەوە و وەزیری کولتور ئیستەمیهان تالای ، لە یونیسکۆی خواست یارمەتی بکەن لە ریکخستنی مەراسیمی سالرۆژی ١٠٠ سالەی لە دایکبوونی حیکمەت سالی ٢٠٠٢.

" دەولەت دەبوایە هەر نەبی پاش مەرگی داوای لیبوردن بکا" رۆژنامەوانی – حورییەت– وای نووسی سەبارەت بە حیکمەت و پیشنیاری ریزگرتن کرد لە شاعیری مەزن پاش مەرگی .

گەرانەوەی اعتبار بۆ شاعیرەکە ، لە دووتۆی داخوازی تورکییە بۆ ئەندامەتی لە یەکەتی ئوروپا بیری لی کرابوەوە. ئەو دەمە EU قایل بوو تورکیە بکاتە کاندیدای رەسمی ،لی وتی دەبی سەجەرەی خۆ بۆ مافی ئینسان باش بکاتەوە.هەوەها ، تورکیە هەنگاوی باشی نا لەم بوارەدا، و کۆسپگەلیك لە سەرریی رادەربرین لابردو ، فیلمی – یول– ی ئازاد کرد کە لە فیستڤالی( کان)دا بە سەعافی زیرین خەلات کرابو و ریژیسورەکەی یلماز گونەیی کورد و کومونیست بوو ، ئەوەی بە تاوانی قەتل حەپس کرابوو و لە دوورەولاتی سەری نایەوە.

نازم حیکمەت ، هەوەل ، سالی ١٩٢٤، لەبەر کارکردنی بۆ رۆژنامەیەکی چەپ گیرا و لە زیندان هەلهات بۆ روسیا، بە ئاواتی ئەەی چاوی بە شۆرشی سوسیالیستی ئوکتوبر روون بی و شەرەفی بەشداریی تیدا هەبی . سالی ١٩٢٨، پاش لیخوشبوونی گشتی ، هەر وەکو کومونیستیکیش ،

گەرایەوە بو تورکیە ، کەچی لەو ٢٢ سالەی گوزەرانی لە ولاتەکەیدا ١٥ سالی رەبەق لە زینداندا بەسەربرد.هەندیك لە بەرهەمە باشەکانی ، لەوانەش شاکارەکەی " سروشتی ئینسان" ، لە زینداندا نووسی.

بە کوتایی هاتنی شەری دووی جیهان ، لەو ساتەوە شەری سارد دەستی پیکرد ، تورکیە وەکو قەراولیك لە خزمەتی بلوکی رۆژاوا بووە و بەربەرەکانیی کومونزم و چەپ ی کردووە.

شیعرەکانی نازم حیکمەت لە زیندانەوە بە قاچاخ گەیشتنە دەرەوەی تورکیە و لە چاپ دەدران ، و لەهەمو دنیا بەدل و بە گیان دەخویندرانەوە وناوبانگی شاعیریش لە جیهاندا دەنگی دایەوە. کومیتەیەکی نیونەتەوەیی ، کە پابلو پیکاسو و فیلوسوفی ناسراو ژان پول سارتەر ، دوو کەس لە ئەندامەکانی بوون، پیکهات بۆ کامپەینی تیکوشان لە پیناوی ئازادکردنی .

حیکمەت لە سالی ١٩٥٠ بەربوو ، وەلی لەماوەی سالیکدا، پاش ئەوەی دوو جار هەول درا تیرور بکری، تورکیەی جیهیشت و ئیتر نەگەرایەوە. شاعیرەکە لە تابعیەتی تورکی کرابوەوە ، ببووە ولاتیی پولونی.

تاکو ١٩٦٥ کەواتە دوو سال پاش کۆچی دوایی، شیعرەکانی بە رەسمی ، قەدەغە بوون، تەنانەت دوای ئەوەی قەدەغە لەسەریان هەلگیرا ، زۆر کەس شیعرەکانی حەشار دابوون نەدەویران ئاشکرا بیانخویننەوە ، لەوە دەترسان بە کومونیست گوناهبار بکرین.

©Kurdistan Net

له شیعریکیدا دەلی: " ولاتەکەم خوش دەوی" هەستی راستگو و قوولی خوی له راست نیشتمانەکەی دەردەبری:

درەختەکانی جولانەم بوون ،

له زیندانەکانیدا هەلاژام،

هیچ شتیك دلم خوش ناکا وەکو گورانیەکانی ولاتەکەم و توتتنەکەی.

ئورهان پاموك ، روماننوسی بەناوبانگی تورك، پیش نزیکەی دوو سال — ئەگەر باش له بیرم بیت- گوتی" گەرانەوەی اعتبار بۆ حیکمەت ئەوە ناگەیینی کە فشاری دەولەت له سەر نووسینی سیاسیانە کوتایی هاتبیت".

به رای من گەرانەوەی اعتبار بۆ شاعیر ئەوە دەگەیینی کە دەولەت حەکیمانە رەفتار لەگەل سمبولەکانی کولتووریی ولات و تیکوشەرانی ئازادی دەنوینی. تا ئیستا نەم بیستووە حکومەتی تورك کەسیکی گرتبی بە هوی پیشمەرگەبوونی رولەییکی یان خزمیکی . هیچ بواریکیش وەدی ناکەم بۆ بەراوردی تورکیە لەبەرامبەر رژیمە وەحشیەکەی بەغدا.

هەروەهاش پاموك دەریبری کە کومونیزم — بە قسەی خوی- کەسیك ناترسینی . هەر بویەش نازم حیکمەت هەرەشە له کەس ناکا، پاموك دریژەی بە قسە دەدا و گوتی هەگەر نازم حیکمەت زیندوو بووایە ، هەلبەتە لەسەر رەفتاری دەولەت لەگەل کوردان و پیشیلکردنی مافی مرۆڤ ، دەنووسی ، هەر بۆیەش لەو رۆژانەشدا تووشی تەنگوچەلەمە دەهات .

هەرچەند تا ئیستە ، دەیان ژورنالیست و نووسەر لەسەر کیشەی کورد گیراون ، هیشتاش تورکیە له رژیمی بەعسی بەرەحمترە . لانی کەم له تورکیە قانوون ویاسا بالی بەسەر ولات گرتووە و وەزعی مافی مروڤ بۆ باشی دەروا ، بۆ کوردیش، رۆژ له دوای رۆژ، کەشوهەوا بۆ تیکوشان له پیناوی چارەی خونوسین ، خوشتر دەبی.

©Kurdistan Net